# نمادو سمبولی ئوستورەیی لە شیعری مەولەوی کورددا

احمد شریفی

ئوستورەیان میتۆ یان بە کوردی خۆماڵی رەنگە بڵێن ئەفسانە: بەشێکە لە بیرو باوەری هەرە کۆنی چاخو رەووانگەلی سەرەتایی مرۆڤ، کە پەیدابوونی لەگەڵ هامکاری ئینسان دەست پێدەکا و هاولفی مرۆڤ دەووران و بووارگەلی جۆر بەجۆری مێژوویی بڕیوە و گەیوەتە سەردەمی ئیمە و هەتا مرۆڤیش لە سەرگۆی زەوی بژی ئەستورەش هاو ژییەتی.

لە راستیدا، ئوستورە نیشاندەری شیوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی باری ئایینی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و تەنانەت رامیاری و ئابوری ئینسانی دیرینەو روانگە کۆنەکانی دەخۆیدا پاراستووە و گەیوەتە چاخی مە.

ئەمرۆ لە ئاکادۆمی و مەکۆ عیلمی و زانستیەکانی جیهاندا. گرنگیکی ئەو تۆ بە ئوستورە دەدرێ، عیلمی ئوستورەوانی، یان میتۆلۆژییا بە چاوێکی رێزەوە، سەیری دەکرێ و لە بەر تیشکی زانستی ئەم عیلمە سەیری هەڵس و کەوتی مرۆڤ و ئەدەبیات و گەشت لایەنەکانی ژیانی دەدرێ.

بەڵام داخی گرانم، لە نێو ئیمەی کورددا، کە خاوەنی گەنجینەیەکی مەزنی ئوستورەیین، میتۆو ئەفسانە، نە تەنیا گرنگی پێ نادرێ، بەڵکو لەوانە بێژم، بێ ئەوەی لە باری زانستی دۆخەکە بگەین، بەربەرەکانیشی دەگەڵ دەکەین و ئاگاداری زانستی مەزنی میتۆلۆژییا نین.

هەر لەم بووارەش دایە، کە هە تائێستا بۆ نمونەش توێژەوانیکی میتۆلۆژییانە، لە

ئەدەبی کوردیدا بەر چاو ناکەرێ. ئەوەش کەڵین و بۆشایەکی زۆر گەورەیە لە ئەدەبی کوردی دا. چونکە ئێمەی کورد، هەر نە تەنیا خێوی ئۆستورەی نێوچانەین، بەڵکو بەشێکی شەریکە مالێشین لەگەڵ گەنجینەی ئوستورەیی ئێران و گەلانی پێشدەستی ئیران. وە تەنانەت بە هۆی ئاینیزاکۆن و دیرینەکانی وەك، ماتریالی سرووشتیو عەناسۆر پەرەستی میترائیسمەوە، تێکە ڵاویکی بەربڵاومان، لەگەڵ ئەستورەی گەلانی یونان و رۆمی باستانیشدا هەیە. رەنگە هەر لەم بووارەشدا بێ کە ناوی هێندی لە خواو ژنخوا هەرە دیرینەکانی رۆم و یونان و هیند، ئێستاش لەکوردستاندا هەر ماون. بۆ نمونە ئاکۆ ـ ئاسۆ، سروە، شیوا، ئەیندرا ـ سەریاس ـ ناهید ـ ئاننا ـ تاووس ـ مارسو تەمووز و دەیان وشە ناویتر... کە هەر یەکەی بۆ خۆی ناوی یەکێك لە خوا و ژنخوا ـ کانیگەلی هێندو ئێرانو رۆمو یونان بوون. ئەم ناو خوایانە، ئێستاش لەکوردەواریدا هەر ماون و دەژین. ئەو ناوانە و بەسەدان و هەزاران ناوی دیرینیتر لەکەلەپۆرو شیعری کوردیدا نە تەنیا دەنگدانەوەیەکی فراوانیان هەیە، بەڵکە ناون بۆ زۆر جێگاو مەکان و مەکۆی وەك کێوو شاخ و چۆمو رووبارو گوندودێ. جا سەیر ئەوەیە کە زۆر جار بیرو ئەندیشەی ئەوان چاخانیش لە حەکایەتو سەربووری و سەرگوزشتەو رازۆی کوردیدا بەر چاو دەکەوێ.

ئەز، لە روانگەیەکی میتۆلۆژییانە وە سەرنجێکی سەر پێیانەی شیعرو دیوانی مەولەویم داوە و ئەم رەچەڵە ئەندێشانەیەم تێداکردۆتە (۵) بەش:

۱ـ وشە ناوو بۆ چوونی دەوورانی میترائیسم دە شیعری مەولەویدا

۲ـ وشە ناوو بۆ چۆونی دەوورانی پاڵەوانی دە شیعری مەولەویدا

۳ـ نمادو ئەندیشەی دەوورانی زەردوشتایەتی دە شیعری مەولەویدا

۴ـ نمادو سومبڵو رووداوەکانی دەوورانی ساسانی دە شیعری مەولەویدا

۵ـ وە سەرئەنجام، بیرو بارەری ئاینیزاکۆنەکانی کورد دە شیعری مەولەویدا

لێرەدا، ئەمن زۆر بەکورتی پەرژاومە سەر لایەنەکانی پێنجانە، چونکە لە راستیدا،

ئه‌گه‌ر پیاو بیه‌وێ به‌ وردی‌و تێرو ته‌سه‌ل، ئه‌وانه‌ لێکداته‌وه‌، کورد وته‌نی باتمانێکی کاغه‌زو عومرێکی نوح‌ئاسای وه‌خت ده‌وێ.

A ـ وشه ناوو بۆچوونی ده‌ورانی میترائیسم له‌ شیعری مه‌وله‌وی‌دا:

سومبل‌و نماده‌کانی ده‌ورانی میترائیسم و ئوستوره‌ی میترایه‌ت، چه‌ند جارێ، له‌ قالبی وشه‌دا، له‌ شیعری مه‌وله‌وی‌دا، وه‌ به‌ر چاو ده‌که‌وێ، بۆ نمونه‌ وشه‌گه‌لی [سوه‌یل - خورشید و میحراو...] پێوه‌ندیکی ته‌واویان له‌که‌ڵ کۆنه‌ ئاینیزای میترائیه‌ته‌وه‌ هه‌یه‌.

وشه‌ مێهیرئاو، له‌ فه‌رهه‌نگ‌و ئوستوره‌ی میترائیه‌ت‌دا، به‌ مانای په‌رستگه‌و پیرو مه‌زنی رێبه‌ری ئاینیزایه‌که‌ هاتووه‌، ئه‌م وشه‌یه‌ پاشان له‌ چوارچێوه‌ی فه‌رهه‌نگی ئیسلامی‌دا بۆته‌ (محراب) و له‌ فارسی‌دا بۆته‌ (مهرآب) و له‌کوردی‌دا، له‌ بێچمی مێهیرئاو میرئاو ده‌بیندرێ.

مه‌وله‌وی سه‌رەڕای ئه‌وه‌ی‌که‌ وشه‌ ناوی (میحراو)ی له‌ بیچم‌و سیمای ئیسلامی‌دا به‌کار هانیوه‌:

روونه‌ پای مێحراو هه‌ناسان سه‌رد [دیوانی مه‌وله‌وی لاپه‌ڕه‌ی ١۵۴]. یان جه‌ گۆشه‌ی مێحراو مزگی پاکه‌وه‌ [ل ١۵۵].

ئه‌م وشه‌یه‌ی له‌ شکڵ و قه‌واره‌ی میترائیه‌تیش‌دا به‌کار هێناوه‌، وه‌ك ده‌فه‌رموێ:

مورشید میراو سه‌ر جۆی باده‌ی له‌یل [ل ٢٦۵]

ئه‌م دیارده‌ شوێنگه‌ ئاینیزایه‌، هه‌ر ته‌نیا له‌ وشه‌ی (مێهراو)دا قه‌نیس نه‌ماوه‌، به‌ڵکو وشه‌ی (سوه‌یل) که‌ ناوی ئه‌ستێره‌ی به‌ره‌به‌یانی کورده‌واری و شوێنێکه‌ له‌کوردستانی به‌شی عیراق‌دا، پێوه‌ندیکی راسته‌ و خۆی له‌گه‌ڵ (خورشید)ی میترائیسمه‌وه‌ هه‌یه‌ و پاڵگه‌ی ئه‌م دۆزه‌ش فه‌رموده‌ی مه‌وله‌وی‌یه‌:

چون سوه‌یل ره‌ونه‌ق په‌نجه‌ی ئافتاب [ل ۴٢٧]

ئه‌م پێکه‌وه‌ هێنان و پێك لکاندنی (سوه‌یل) وه‌ك په‌یکی هاتنی (خور)یش هه‌رووه‌سا ئه‌ندیشه‌یه‌کی میترائیسمه‌ که‌ له‌ سومبل‌و نمادی پێروزی ئاینیزای میترائیسمه‌، له‌ شیعری

مەولەویدا بە شێوەگەلی [خورشید ـ خۆر ـ هەتاو ـ ئافتاب‌و ئافتاو] دەبیندرێ، بەڵام سەرەڕای ئەم بۆ چوونەش مەولەوی، ئەوان وشانەی لە چوارچێوەی عیرفان و ئاینی ئیسلامیش‌دا بەکار هێناو.

B ـ وشەو بیری دەورانی پاڵەوانیەتی لە شیعری مەولەوی کورددا:

مەولەوی بەرزە بیری فراوێژ، هەر نە تەنیا، لەگەنجینەی دیرینی ئاینیزای میترائیسمی کەڵك وەرگرتووە، بەڵکو نمادو سومبلەکانی دەورانی پاڵەوانی‌و ئەستۆرەی هەرەکۆنی گەلانی ئاریایی پێدەشتی ئیرەویچیشی لە شیعرەکانی‌دا، وە بەر چاو دەکەوێ ولە شێوەگەلی جۆر بەجۆر سوودی لێ بینیوون.

وشەکانی [کەی ـ جەم ـ جام جەم ـ نەورۆزو ئاوی حەیوان یان ئاب حەیوان] نموونەیەکن لەو نمادو سومبلە ئۆستورەییانە، کە لە شیعری مەولەوی کورددا هەن. ئەوانش پێوەندێکی ئاشکرایان بە چاخی دیرینی پاڵەوانیەتی گەلانی ئێرانەوە هەیە. مەولەویش لە شیعرو هۆنراوەکانی‌دا، ئەم نمادو سومبلانەی لە سیمای سەرەکی‌و رەسەنی خۆیان و قەوارە بەندی ئیسلامەتی‌دا بەکار هێناون و تەنانەت هێندی جار ئاویتەی یەکدیشی کردوون:

سولەیمان جاهێ، جام جەم نیگاهێ
سکندرشاهێ، دارا دەرگاهی (ل ۵۰۷)

ئاوی ژیان یان ئاوی حەیات، کە یەکێك لە نمادە هەرە دیرین و کۆنەکانی ئینسانە بۆ زاڵ بوون بە سەر دێوە زمەی مەرگدا، لە ئەفسانە و ئوستورەی زۆربەی هەرە زۆری گەلانی دونیادا دەنگدانەوەیەکی یەکسانی هەیە و مرۆی خاکی دەیەوێ، بەم ئارمانجە بگاکە ئەنیرەی نەمان لە بەین بەرێ و ژیواری‌و ژیاری هەمیشەیی بۆ ئینسان جێ بکا، وەك سەرەکی‌ترین ئارەزوی ئینسانی لە ئەفسانەو ئوستۆرەدا هەیە، ئێستاش کە ئێستایە ئەم ئاواتە لە دەروونی ئینسان‌دا هەر دەژی و مرۆڤ دەخوازێ بەرەو ئارمان با ژێریکی

وەها بلوێ کە مەرگ و نەمانی تێدا نەبێ.

لە ئەفسانەو ئۆستورەی گەلانی ئێرانی و هێندو یوناندا، ئەم ئاواتە بەو پەری بیراژۆیی گەیوە و لە قالب و قەوارەی ئوستورەیی بەدەر بووە و چۆتە قالبی خواکانی ئەفسانەیی ئەو گەلانەوە.

ڕەنگدانەوەی ئاژوان بەرەو ئارمان باژێری ئاوی ژیان، لە شیعری مەولەویدا، لە سەر هەمان ئەندێشەی دیرین بناغەرێژ بووە:

نەتورەی مانی ئاو حەیوانی [ل ٣١١]

یان:

وێنەی گۆی حوباب ئاو حەیوانی [ل ٤٩٦]

لە هەردوو بەیتە دێردا، مەولەوی هەمان ئاواتی کۆنی ئینسانی پاڵەوانی نوێ کردۆتەوە و ئامانجی ئاوی حەیات و ژیان بووە، بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ نەمان.

وشەکانی [کەی ـ جەم ـ جام جەم ـ و نەورز]یش کە هەرکام بۆ خۆیان نوینگەیەکی دەورانی لە مێژنیەی پاڵەوانیەتی ئوستورەیین، لە شیعری مەولەویدا، بە هەمان مانای کۆنو دیرین و ئاواتی زووین بەکار هاتوون و تەنانەت هیچ کامیشیان قەوارەگۆڕیان بە سەر دانەهاتووە و لە بیچم و سیمای نمادگەلی ئیسلامەتیدا، شاعیر بەکاری نەبردون و ناوەرۆکی سەرەکیان پاراستووە.

C ـ نمادو ئەندیشەی دەورانی زردوشتایەتی لە شیعری مەولەوی کورددا:

نمادو سومبلەکانی دیرینی دەورانی پاڵەوانی، پاش پەیدابوونی زردشت و ئاغازی دەورانی دونالیسم و شێوایی چاخو تافی فرە خودایی، تێکەڵاو میتۆگەلی سەردەمی زردوشتی مادی دەبن. بەشێکی سەرەکییان، جلو بەرگی نمادی ئۆستورەیی زردوشتو ئاوێستا دەپۆشن و لە پێدەشتی بەرینی ئیرانویچەدا فەرهەنگو ئوستورەیەکی نوێ سەر هەڵدەدا، کە ئێستا بە فەرهەنگی زردوشتی و ئەدەبیاتی ئاڤێستایی بەناو بانگە.

ئەم فەرهەنگ و ئەدەبەش بە هەموو تایبەتمەندیەکیەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر

سەرانسەری پێدەشت و فەلاتی ئێرانی کۆن دادەگرێ و ئاویتەی ژیانی گەلانی هەریمە کە دەبێ و لە کەلەپۆرو ئەدەبیاتی پاش خۆیدا رەنگدە داتەوە.

دیاردەترین نمادی ئەو فەرهەنگەش ئێستا رەنگە پیری موغان بێ، کە وەك پیرێکی سیماپاکی نورانیو یەزدانی لە فەرهەنگی کلاسیکی گەلانی ئێرانو یچدا جێوار بووە:

خاك پای حەزرەت پیر موغانەم [ل ۲۸]

مەولەوی هەر نە تەنیا خاکی پای پیری موغان بووە، بەڵکو لە نمادو سومبلەکانیتر ئەدەبیاتی ئاڤێستایی و زەردوشتایەتی وەك [مەیخانە، بادە، پەیمانە، پیالە، ساقی و جام]یش لە شیعرەکانیدا، کەڵکی وەرگرتووە، و بە دەیان جار لە شێوەو بیچمی جۆراوجۆردا سوودی لەوان بینیوە، کە هێندی جار لە سیماو نمادی سەرەکیدان و هێندێ جار لە رواڵەتی عیرفانی ئیسلامەتیدا پالاشتەی شیعری کردوون.

ئاور، یان بە فەرمودەی پیرمان [ئایرو ئاهیر]یش نمادو سومبلێکی ئەدەبیاتی ئەستۆرەیی زەردوشتایەتی وئاوێستاییە، کە لە شیعری مەولەویدا دەبیندرێ.

ئەم ناوە، زۆر جار بەلکانەوەی وەك [ئایردان ـ ئاهیردان ـ ئاتشگە ـ ئاتشگا] لە شیعری مەولەویدا هاتووە، کە قەوارەکەشی هەر هەمان مانای دیرینی دەبەخشێ و خێوەکەشی [ئەهریمەن]ە، بەڵام وشە ناوی ئەهریمەنی خێوی ئاگر، لە شیعری مەولەویدا، سیماو رواڵەتی ئیسلامی پەیداکردووە و بۆتە (شەیتان).

نەوی وە ریشخەند سۆخرمەی شەیتان [ل ٦۴]

جگە لەوەش، (دێو) کە یەکێك لە نیهادو نمادە پەلیدەکانی ئوستورەیی چاخی پاڵەوانییەو ئاویتەی ئۆستورەو فەرهەنگی ئاڤێستایی بووە، لە شیعری مەولەویدا، هەمان بیچمی پەلیدو ناپاکی بەدفەری دیرینی پاراستووە:

رەفیقم مەینەت، ئەنیسم دێوەن (ل ۳۹۳)

هەروەك چۆن، دێو لە ئایینی مزدەیسنادا سیمانی نیگاتیفی پەیداکردووە. هەر بەم شێوەیەش لە شیعری مەولەویدا جێوار بووە.

جگە لەوانەی کە لەم بەشەدا باسم کردن، وشەوو ناو وشەگەلی [مانی ـ قەقنووس ـ هوما ـ تاووس و سەمەندەر]یش نمادگەلێکی مێژوویی کۆنن، کە لە شیعری مەولەوی‌دا رەنگدانەوەیان هەیە و تەنانەت جاریکێش باسی نەورۆز دە کا و دەیێژێ:

سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆز گوڵانەن (ل ۴۷۳)

D ـ سومبل و رووداوە کانی دەورانی ساسانی دە شیعری مەولەوی کورددا:

وە بەڵام دە شیعری مەولەوی و چامە کانی‌دا، هەر تەنیا دەنگدانەوەی ئەو چاخ و دەورانانەی کە باسمان کردن، وە بەر چاو ناکەوێ، بەڵکو لە نمادو سومبلە کانی ئۆستورەیی دەورانی ساسانیشی بەو پەڕی شێوایەوە کەڵك وەرگرتووە و هونراوە کانی پێ رەنگامە کردووە.

لەم بووارەش‌دا دە کرێ دیاردە بۆ [بێستوون ـ فەرهاد ـ شیرین ـ خوسرەو ـ پەروین ـ چۆگان و...] بکەین:

گاوە بێستوون هەستی بیناوە (ل ۹۱)

یان:

دەست (شیرین)یش ماوەرۆ وە یاد

فەرهادی نەتاق، فەرقە کەی فەرهاد (ل ۹۲)

هەروەك دەزانین، پێوەندێکی قوڵ و ئۆستورەیی لە نێوان بیستوون و فەرهادو شیرین‌دا هەیە و سەربووری ئەوان سێ‌یان بۆتە بەشێکی سەرە کی لە ئەفسانەی کەلەپۆری ئۆستورەیی گەلانی ئێران و هەر یەك بوونە نمادو سومبلێك لە نێوان کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا.

جا دیارە کە مەولەویش، بێ گومان لە نزیکەوە بێستوونی گەردەنکشی وە چەم وینیووە، بۆ بیرەوەری و ژیاندنەوەی ئەم ئوستورەیە و پاڵەوانی سەرە کی کارەساتە کە فەرهاد بە [ناڵەی فەرهادیی زامەت سەختەن (ل ۴۱٦)] یاد دە کات و [شیرین]ی گراویشی لە هەمان سومبل و نماد ئۆستورەیی‌دا فەرامۆش ناکا:

لەیل ئاسانازێ، شیرین جەماڵێ (ل ٤٨٢)

جەماڵی شوخ‌و شەنگی شیرین لە نمادی جوانی‌دا و ڕەنجی فەرهاد لە نمادی بێوەری‌دا، کە مەولەوی باسی لێوە کردوون، نیشاندەری ئۆستورەیەکی کۆنی ئەم سەرزەوی‌یەن هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد ڕەندەن.

نەقش (شیرین)ش نە رووی سەنگ کەندەن.

E ـ وە بەڵام سەرەنجام، بیرو باوەری ئایینزاکانی کۆنی کورد لە شیعری مەولەوی‌دا:

مەولەوی هەر چەند بە بیرو باوەر مرۆڤێکی موسوڵمان و عارف و سۆفێکی خاوەن ڕێبازگە بووە. بەڵان بە هۆی مەکۆی ژیانی دەوەری‌یەوە، کە هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی پیرۆزی مێتۆلۆژیای ئایینی‌و ئاینە دیرینەکانی کورد بووە وە لە هەورامان و گۆراندا ژیاوە و گەورە بووە و هاموو شۆی خێڵاتی سۆران و گۆرانی هەرێمەکەی کردووە. کەمتازۆر کەوتۆتە بەر شوێنگەی ئایینزاکۆنەکانی دەڤەرەکە. بە شێوەیەك کە نمادو سومبلی ئەو باوەڕانەی لە شیعرەکانی‌دا بە زەوقی دیارن و هەتا رادەیکی زۆر ئەندیشەو ئۆستورەی ئایینزای کاکەیی‌و یاری‌و ئەهلی هەقی لە هۆنراوەکانی‌دا بەکار هێناوە. یەکێك لە نمادو سومبلەکانی ئایینزاکۆنەکانی کوردی وەك ئیزەدی ـ هەسارەیی ـ یاری کاکەیی‌و ئەهلی هەق، ڕێزو کەڕامەتی تایبەتی‌یە بۆ حەزرەتی عەلی [سلاوی خوای لێ بی] هەڵس‌و کەوتی ئاسایی‌و ڕۆژانەی هەموو دین‌و ئاینزاکۆنەکانی کورد بە ناوی عەلی ـ یا عەلی ـ مەدەد ژ عەلی ـ یار لە عەلی ـ یارمەتی جە عەلی ـ دەست پێدەکا و ڕەمزی ئەم یاری‌خوازی‌یەش بە [یاعەلی مەدەد] دەست پێدەکات:

مەدەد یا عەلی پەی سەفەرکەر مەیل

مەنزڵ وە مەنزڵ تا مەنزڵگەی لەیل (ل ٥٠٢)

وە نمادێکی‌تری ئەوکۆنە ئایینزایانە بەگشتی وشەی [یار] و [یاری] و [یاران]ە کە مەولەوی ئەم وشەیەی زۆر جار وەك نمادی دینەکۆنەکان بەکار هێناوە:

بادەی بێ وادەی فەنام وەردە بۆ

شەرت بۆ، کامین شەرت؟ یاران کردە بۆ (ل ۱۴۴)

وەیان:

جامێ جە مەعجوون دەرد ئەوگاران

دورد وا مەندەی بەزمەکەی یاران (ل ۱۵۰)

بەزمێمان جەم بۆ چون هەردە جاران

بنۆشین جامێ وە یاد یاران (ل ۱۰)

لەم سێ‌بەتیدا، جگە لەوشەی یاران کە پێڤێکی میتۆلۆژیی ئاینیزا دیرینەکانی کوردە، باسی [مەی]یەکیش دەکاکە (یاران) شەرت‌و مەرجی پێ دەبەستن. کە لە راستی‌دا، رەنگە مەبەستی [مەی جەم‌خانە] بێ. کە لە رێبازی ئاینیزا کۆنەکان‌دا سوێندی پێ دەخۆن و شەرتی یاری پێ بە جێ دێنن.

لە بەیتی ئەوەڵی ریزی سێ‌وەم دا، دیاردە دەکاتە سەربەزمی مەی نۆشینی جەم خانەی ئاینیزا کۆنەکانی کوردو بەرێزەوە یادی لێوە دەکات.

ئەم شێوە ئەندیشەیە، کاتێ لە شیعری مەولەوی‌دا گوڵژۆ دەبێ کە دەچتە رێژاوی کە رەندو ئاوایە پیرۆزەکانی یاری و ئەهلی هەق دەبینێ:

دیدەم (رێژاوە) روخسارەم (زەردە)ن.

ج داخ (یاران)، (پیران)م کەردەن (ل ۲۵۴)

لێرەدا، [رێژاو - زەردە - یاران - پیران] هەر چوار ناوی گوندو ئاوایی - گەلێکن کە لە نزیك گۆڕی پیرۆزی بابا یادگاری رێبەری یاری و ئەهلی هەق و کاکەیی هەڵکەوتوون.

مەولە وی کاتێ دەچێتە سەر گڵکۆی بابا یادگار بەو پەری سۆزی دەروونەوە، بە چامەیەکی (۱۸) بەیتی ستایشی بابا یادگار دەکا:

خەیلێ مەلوولم یا پیر هیمەتێ

وەیان:

هیمەتت باعیس رەستگاری بۆ

یار بۆ دیار بۆ یادگاری بۆ (ل ۲۹)

لەم سێ دێڕە شیعرەدا، وشەگەلی پیرو یاری هەرتەك رەمزی ئایینی کاکەیی و یاریو ئەهلی هەقن و سومبلێکی نمادی زۆربەی ئاینیزا دیرینەکانی کورد بە حیساو دێن.

سەرەڕای هەموو ئەوان قسانە، مەبەستی سەرەکی من ئەوە نییەکە بێژم خوای نەخواستە مەولەوی موسوڵمان نەبووە و لادەر بووە، بەڵکو ئامانجی من تەنیاتوێژەوانێکی کورتی میتۆلۆژییانە بوو لە شیعری مەولەوی کورددا.

هەر لەم بووارەدا ئەگەر باسی ستایشی یەزدان و پێغەمبەرو یارانی لە شیعری مەولەوی‌دا شیکرێتەوە، رەنگە مەسنەوی ئاسایەك ببێ.

سنــە - پاییزی ۱۳۷۰